بۆچی مێشوولە قاچەکانی لەیەك دەخشێنێت!

ئایا بیستووتە کە دەڵێن (مێیەی ئەمجۆرە مێشوولەیە کوشندەترە لە نێرە)؟! تەنها مێیەکەی خوێن دەمژێت، دەمی مێیەی مێشوولە لە چەند ئەندامێکی تیژی کونکەر پێکهاتووە کە لە دەوری بۆریی مژیندا ڕێکخراوەو پێی دەوترێت (کونکەری مژەر).

کاتێك مێشوولە گاز دەگرێت شلەیەکی ژەهراوی دەکاتە ناو خوێنەوەو دەبێتە هۆی ئازارو خوراندنو ئاوسان، سەرەڕای گازگرتنەکەی گیزە گیزێكو منگەمنگێکی لێوە دێت بەهۆی لەرینەوەی خێرای باڵەکانیەوە کە مرۆڤ زۆر بێزارو وەڕسدەکات، بەڵام ئەم منگەمنگە زۆر گرنگە بۆ مێشوولە، چونکە جۆرێکە لە بانگکردنی هاوڕێکەی. نێرەی مێشوولە بە تیژیو لەسەرخۆ دەمنگێنێت، بەڵام دەنگی مێیەکەی تیژترە.




1


2


3


4

مێشوولە لە هەموو جیهاندا هەیە، هەموو قۆناغەکانی ژیانی لە ئاودا دەستپێدەکات، مێیەی مێشوولە لە سەر ڕووی زەلکاو، گۆم، ئەستێڵ، شوێنی باراناو، مێرگی بیابانو تەنانەت لە ناو قوتووی تەنەکەی فڕێدراودا کە ئاوی تێدابێت گەرا دادەنێت، هەر مێیەك لە چلەوە تاچوار سەد گەرا دەخات، لەوانەیە دانە دانە یان پێکەوە بەکۆمەڵ دایانبنێت.

لە ماوەی هەفتەیەکدا کرمۆکە لەم هێلکانە دێنە دەرێ، ئەم کرمۆکانە بە خۆبادان بەناو ئاوەکەدا بە چالاکی دەستدەکەن بە مەلەکردن، لەبەر ئەوەی ناتوانن لەژێر ئاوەوە هەناسە بدەن، هەموو کاتیان لەسەر ڕووی ئاودا دەبەنە سەر، لەوێ لە بۆریی هەناسەوە هەوا وەردەگرن کە کەوتۆتە سەر کللکیانو پێی دەوترێت (سیفۆن)، کاتێك ئەم کرمۆکانە گەورە دەبن چوارجار کاژ فڕێ دەدەنو دەبن بە پیوپا کە زۆربەی کاتیان لە نزیك ڕووی ئاوەوە دەبەنە سەر بە هەناسە وەرگرتن لەو بۆریانەوە کە وەك دوگمە وان لە سەر پشتی پیوپاکە.. پیوپا هیچ ناخوات، بەڵام دوای چەند ڕۆژێك پێستی پیوپاکە لەت دەبێتو مێشوولەیەکی پێگەیشتووی تەواو دەخشێتە دەرێ کە پێیدەوترێت مێشوولەی هەراش. مێشوولەی هەراش تەنها چەند هەفتەیەك دەژی، هەندێ جار مێشوولە لە ساڵێکدا دوانزە جار هاوشێوەی خۆی دەبێت.



شتێکی سروشتییە کە مێشوولەی ناوماڵ بە وەڕسکەر دابنرێت، کاتێك لەسەر پێست دەخشێت بێزارت دەکات. لە کۆندا مرۆڤ وایدانابوو کە مێشوولەی بەسزمان بەتەنها وەڕسکەرەو بەس، هەتا سەدەی بیستەم نەزانراوە کە مێشوولەی بەڕواڵەت بەسزمان یەکێکە لە خراپترین دوژمنەکانی مرۆڤ و ئاشکرابووە میکرۆبی نەخۆشیی هەڵدەگرێت و هەموو ساڵێك دەبێتە هۆی مردنی ملیۆنان کەس.

کاتێك مێشوولە قاچی لە یەکتری دەخشێنێت، بۆ ئەوەیە خۆی لەو ماددانە پاکبکاتەوە کە بە قاچییەوە نووساون، بەڵام ئەم ماددانە دەبێت چەند ترسناك بن!! ڕەنگە بەکتریای نەخۆشی گرانەتا یان سیل یان سکچوون بن. مێشوولە ئەم میکرۆبانە لە پاشماوەو سەرە نوێلكو زێرابەوە هەڵدەگرێت، ئەگەر لەسەر خواردەمەنیش نیشتەوە، میکرۆبەکانی لەسەر بڵاودەکاتەوە، کاتێکیش کەسێك خواردنەکە دەخوات دووچاری ئەو نەخۆشییە دەبێت.

ئەگەر بە ئاوێنەی گەورە کردن سەیری مێشوولە بکەین، دەبینین لەشی ساف نییە، بەڵکو هەموو لەشو چنگو لەپی پێی بە پێستێکی زبرو زمانیشی بە چینێك شلەی لکێنەر داپۆشراون، واتە مێشوولە بۆ ماوەیەك لە هەر شوێنێکدا رابوەستێت، شت هەڵدەگرێت کە بەلەشی یان قاچ و یان بە زمانییەوە دەنووسێت.

لەڕاستیدا، هەرسێ جووت قاچی چڕنووکیان هەیە، دوو لەپی تیسکداری هەیە، لەبەرئەوە ماوەی هەڵگرتنی شتی زۆر دەدات! لەگەڵ ئەوەشدا شلەیەکی لکێنەر لە لەپی پێیەوە دێتە دەرێ کە یاریدەی دەدات بۆ چوونە سەرەوەو هاتنە خوارەوە لەسەر هەموو جۆرە ڕوویەك.

ئەوەشت لەبیر نەچێت کە پاشماوەی بەردینی مێشوولە دۆزراوەتەوەو دەگەڕێتەوە بۆ ملیۆنان ساڵ لەمەوپێش.

ناتوانین خۆمان لە مێشوولە ڕزگار بکەین، تەنها ڕێگایەك بۆ خۆپاراستن ئەوەیە گەراکانیان لەناوبەرین، بۆ ئەمەش پێویستە باری تەندروستی تەواو لە هەموو جیهاندا دابمەزرێت.

سەرچاوە:
کتێبی پێم بڵێ بۆچی؟

و: عەلی سۆرانی